**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بەحوکمی برگە (1)ی مادده(56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق، لەدانیشتنی ژمارە (33)ی رۆژی 2007/12/11 دا بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

# یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007

# یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا

## بەشی یەکەم

## پێناسە و پرنسیپەکان

**مادده یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم : سەندیکا : سەندیکای رۆژنامەگەرانی کوردستان.

سێیەم: نەقیب : نەقیبی رۆژنامەگەرانی کوردستان.

چوارەم: رۆژنامەگەریی: دەستدانە کاری رۆژنامەگەریی لە کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندن دا.

پێنجەم: رۆژنامەگەر: هەرکەسێکی کاری رۆژنامەگەریی لە کەناڵەکانی راگەیاندندا بکات.

شەشەم: رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بە دەوری بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی یەك لە دوای یەکتری و بەرێکوپێکی دەربچێت و دابەش بکرێت.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: رۆژنامەگەریی ئازادە وسانسۆری لەسەرنییە و ئازادی دەربرین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتییەك دەستەبەرکراوە لە چوارچێوەی رێزلێنانی ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی کەسەکان وتایبەتمەندیی ژیانیان و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی بەپێی یاسا دەستەبەرەو خۆبەستنەوە بە پریسیپەکانی کاری رۆژنامەگەریی بە پێی پەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دووەم: رۆژنامەگەر بۆی هەیە ئەو زانیاریانە وەربگرێت کە گرنگن بۆ هاووڵاتیان و پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندیی گشتی لەسەر چاوەی جیاواز، ئەگەر پەیوەندیی بە ئاسایشی هەرێمەوە نەبێ.

سێیەم: رۆژنامەگەر دەبێ سەرچاوەی زانیاریەکانی یان هەواڵەکانی کە بەدەستی دەکەون بە نهێنی بیان پارێزی ، سەبارەت بەو داواکارییانەی خراونەتە بەردەم دادگا، مەگەر دادگای تایبەت بە پێچەوانەی ئەمە بڕیار بدات.

چوارەم : هەر كەسێكی سروشتی یا مەعنەوی مافی هەبوونی رۆژنامەی هەیە و دەتوانێ بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەری بچوێنێ.
پێنجەم: نابێ رۆژنامە رابگیریت و دەرچوونی قەدەغەبكرێ یاخود دەستی بەسەردا بگیرێت تەنیا مەگەر بەبریارێكی دادوەریی نەبێت.

## بەشی دووەم

## مەرجەكانی دەرچواندنی رۆژنامە وهەڵوەشاندنەوەی و وازلێهێنانی

**ماددەی سێیەم:**

بۆ دەرچوواندنی رۆژنامە پێویستە ئەم مەرجانە هەبن و ئەم رێكارانەی خوارەوە بگیرێنە بەر:
یەكەم: خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەكەی راگەیاندنێك لە دوو رۆژنامەی رۆژانە لە هەرێم دا بڵاوبكاتەوە كە ناو و نازناو و رەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود دامەزرێنەری رۆژنامەكە و ناوی رۆژنامەكە وئەو زمانەی كە پێی بڵاودەكرێتەوە لەگەڵ ناوی سەرنووسەر وماوەی دەرچوونەكەی تێدا بنووسرێ. راگەیاندنەكەش بە بەیانی دەرچوواندنی رۆژنامەكە دادەنرێت.
دووەم: دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەك نارازی بێت لە دەرچوواندنی رۆژنامەكە، ئەوا بۆی هەیە لە ماوەی (30) رۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی راگەیاندنەكەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوە لە هەرێم بە سیفەتی تەمییزی ئیعتیراز بگرێت و بە پێچەوانەوەش دەرچوواندنی رۆژنامەكە بە پەسند دادەنرێ.
سێیەم: پێویست لەسەر خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەكەی بەیاننامەی دامەزراندن پێشكەش بكات و لەلای وەزارەتی رۆشنبیریی تۆماری بكات لەگەڵ دەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەكەی دابین دەكات و پێویستە وەزارەتیش ئەمە بەسەندیكا رابگەیەنێ.
چوارەم: ئەو كەسەی كە نیازی دەرچوواندنی رۆژنامەی هەیە ، پێویستە لێهاتوویی تەواوی یاسایی هەبێت.
پێنجەم: نابێ دوو رۆژنامە بەیەك ناو لە هەرێمدا دەربچێت.
شەشەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یا دامەزرێنەرەكە لە شوێنێكی دیاری رۆژنامەكە بە شێوەیەكی روون ناوی خۆی و سەر نووسەر و شوین و مێژووی دەرچوونی و ناوی ئەو چاپخانەیەی كە لێی چاپ دەكرێ بڵاوبكاتەوە و پێویستە راگەیاندنێك بە هەر گۆرانكارییەك یان هەمواركردنێك لەسەر ناوەرۆكی بەیانی دامەزراندن رووبدات لە ماوەی (30) سی رۆژ لە رێكەوتی گۆرانكارییەكە یان هەمواركردنەكەدا بڵاوبكاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

هەر رۆژنامەیەك سەر نووسەرێكی دەبێ سەرپەرشتی ئەو بابەتانە دەكات كە تێیدا بڵاودەكرێتەوە و دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە دی:
یەكەم: دەبێ رۆژنامەگەرێكی ئەندام بێ لەسەندیكای رۆژنامەگەرانی كوردستان و زمانی رۆژنامەكە بەخوێندنەوە و نووسین بزانێ.
دووەم: دەبێ هاووڵاتی هەرێم بێ یاخود بە بەردەوامی لێی نیشتەجێ بێت.
سێیەم : سەر نووسەرو نووسەر بەر پرسیارێەتی مەدەنی وسزایی لە ئەستۆدایە لەسەر ئەو بابەتانەی كە بڵاو دەبنەوە، بەڵام خاوەنی ئیمتیاز بە پرسیەتی مەدەنی دەكەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر ساغ بووەوە بەكردار بەشداریی لە نووسینی رۆژنامەكەدا كردووە ئەوا هەمان بەرپرسیەتی سەر نووسەری دەكەوێتە ئەستۆ.

**ماددەی پێنجەم:**

لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕۆژنامە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت:

یەکەم: ئەگەر بەبێ بیانوویەکی مەشرووع لە ماوەی (6) مانگ لە ڕۆژی پەسندکردنیەوە دەرنەچوو.

دووەم: ئەگەر بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دادوەری وەستا.

سێیەم: ئەگەر لە دەرچوون بۆ ئەو ماوانەی خوارەوە وەستا:

1- ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ماوەی سی ڕۆژی یەك لەدوای یەك.
2- هەفتەنامە بۆ هەشت ژمارەی یەك لە دوای یەك.
3- ڕۆژنامەی نیومانگی و یەك مانگی بۆ چوار ژمارەی یەك لە دوای یەك.
4- ڕۆژنامەی وەرزی بۆ سێ ژمارەی یەك لە دوای یەك.

**ماددەی شەشەم:**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکارانەی کە دەقەکەیان لەم یاسایە دا هاتووە، خاوەن ئیمتیاز مافی ئەوەی هەیە واز لە هەموو یا هەندێك خاوەنداریێتی بێنێ بۆ کەسێکی دیکە، بەمەرجێك وازهێنەر ئاگادارییەك بە واز هێنانەکەی پێش (30) سی ڕۆژ لە مێژووی دیاری کراو لە ڕوودانی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڵاوبکاتەوە.

## بەشی سێیەم
## وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: ئەگەر ڕۆژنامە زانیاریی نا دروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکە پەیوەندیی پێوەی هەیە یاخود بە یەکێك لە میراتگرانی یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای ڕاستکردنەوەی بکات یان وەڵامی هەواڵەکە یا وتارەکە بداتەوە، پێویستە سەر نووسەریش ڕاستکردنەوەکە یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێك لەو دوو ژمارانەی کە لە دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە لە هەمان جێ و بە هامان پیت و ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاوکراوەتەوە بڵاوبکاتەوە.

دووەم: پێویستە ڕۆژنامەکە وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکە بڵاوبکاتەوە بە پێچەوانەوە بە بڕێك پارە کە لە (1000000) یەکە ملیون دینار کەمتر نەبێ و لە (2000000)دوو ملیون دیناریش زیاتر نەبێ غەرامە دەکرێ.

سێیەم: سەر نووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکەی بۆی دێت بە پێی بڕگەی یەکەم و دووەمی سەرەوە ، لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەکاتەوە:

1- ئەگەر ڕۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکە، بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی ورد و تەواو ڕاستکردبووەوە.
2- ئەگەر وەڵامدانەوەکە یا ڕاستکردنەوەکە بە ناوێکی خوازراوەوە واژۆ کرا بوو، یان بە زمانێکی جیا لە زمانی بابەتە بڵاوکراوەکە نووسرابوو.

3- ئەگەر ناوەرۆكی وەڵامدانەوەكە یان راستكردنەوەكە پێچەوانەی یاسا یان دابو دەستووری گشتی وئاداب بوو.
4- ئەگەر وەڵامدانەوەكە یان راستكردنەوەكە دوای (90) نەوەد رۆژ لە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكە یان وتارە وەڵام دراوەكە گەیشت.

**بەشی چوارەم**

**ماف وئیمتیازاتەكانی رۆژنامەگەر**

**ماددەی هەشتەم:**

یەكەم : رۆژنامەگەران سەر بەخۆن وهیچ دەستەلاتێكیان بەسەرەوە نییە لە كاتی جێبەجێ كردنی پیشەكەیان جگە لە دەستەڵاتی یاسا.

دووەم: نابێ ئەو راو بۆچوونەی كە لە رۆژنامە گەرەوە دەردەچن یان ئەو زانیارییانەی كە بڵاویان دەكاتەوە ببنە هۆی تێكدانی باری ژیانی یان زیان بە مافەكانی بگەیەنێ.

سێیەم: رۆژنامەگەر مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەكانی ئاشكرا نەكات مەگەر بەبڕیارێكی دادوەری نەبێت.

چوارەم: رۆژنامەگەر مافی ئامادەبوونی لە كۆنگرەو چالاكییە گشتییەكانی تردا هەیە.

پێنجەم: هەر كەسێكی سووكایەتی بە رۆژنامەگەرێك بكات یان دەستدرێژی بكاتە سەری بە هۆی كارەكەی، ئەوا هەمان سزا دەیگرێتەوە كە بۆ دەستدرێژیكردنە سەر فەرمانبەرێك لە كاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی كارەكەی دانراوە.

شەشەم: ئەگەر گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو رۆژنامەیە روویدا كە رۆژنامەگەرەكە كاری تێدا دەكرد، یان بارودۆخی گرێبەستییەكەی گۆڕا، رۆژنامەگەر بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەك لایەنە هەڵەشێنێتەوە، بە مەرجێك(30) سی رۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری رۆژنامەكە بكاتەوە، بێ ئەوەی مافی رۆژنامەگەر لە قەرەبووكردنەوەدا بفەوتێ.

حەوتەم: پێویستە دەزگا رۆژنامەگەرییەكان و بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەكان پابەندی هەموو ئەو مافانە بن كە لە یاسا بەركارەكان و بەپێی گرێبەستی كاری رۆژنامەگەریی پەسندكراوی سەندیكا بۆ رۆژنامەگەر دانراوە.

هەشتەم: لە بارێكدا ئەگەر رۆژنامەگەر هەموو مۆڵەتە ئاساییەكانی یا هەندێكیانی دوای كۆتایی ساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ كە دەیكەوێ بە مەرجێك لە مووچەی مانگێكی زەت نەكات.

نۆیەم: لە كاتی تووشبوونی رۆژنامەگەر بە نەخۆشی وپێكان لە كاتی راپەڕاندنی ئەركەكەی یان لە پێناویدا، ئەو دەزگا راگەیاندنەی كە كاری تێدا دەكات، خەرجی چارەسەركردنی دەگرێتە ئەستۆ.

دەیەم: ئەگەر رۆژنامەگەر لە رۆژانی پشووی فەرمیدا كاری كرد، پێویستە ئەو دەزگا رۆژنامەگەرییەی كاری تێدا دەكات قەرەبووی ماددی ئەو رۆژانە بە بڕی كرێی دوو رۆژ بۆ هەر رۆژێك بۆ بكاتەوە.

**بەشی پێنجەم**

**حەصانە(پشتیوانە)**

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: نابێ ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ڕۆژنامەگەر ئەنجام بدرێت، لە کاتی تۆمەتبارکردنی بە نواندنی چالاکییەکی پەیوەندیدار بە دەستدانە پیشەکەی بەر لە ئاگادار کردنەوەی سەندیکا.

دووەم: نابێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەگەردا بکرێت، یا شوێنی کاروماڵەکەی بپشکنرێت لەبەر ئەو هۆیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە بڕیارێکی دادوەریی نەبێت و نەقیب یا ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە بۆی هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێت.

سێیەم: لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی سزایی دا، نابێت دیکیومێنت و زانیاری و بەیاننامەو پەڕاوگەکانی ڕۆژنامەگەر بە بەڵگەی تۆمەتبارکردن لە دژی بژمێردرێت، تەنیا مەگەر پەیوەندییان بە بابەتی سکاڵای تۆمارکراو لە دژی ڕۆژنامەگەرەوە هەبێت.

چوارەم: ئەگەر لە بارەی کارەکانی فەرمانبەرێك یان یەکێکی ڕاسپێردراو بەخزمەتگوزاری گشتی یا کەسێك سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێ بابەتێك بڵاوکرایەوە یا نووسرا بە تاوان داناندرێ گەر ئەو بڵاوکردنەوەیە لە کاری فەرمانبەرەکە یا ئەوەی خزمەتی گشتی یان نوێنەرایەتی تێنەپەڕیبێ بە مەرجێك بەڵگەی سەلماندنی ئەو کارانەی کە دراونەتە پاڵی هەبێت.

پێنجەم: نابێ دوای تێپەڕبوونی(90)نەوەد ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوە هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی لە دژی ڕۆژنامەگەر وەربگیرێت.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کە لە هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە سەبارەت بە بڕگەکانی (ا)و(ب)، ڕۆژنامەگەر بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ لەگەڵ ڕاگرتنی ڕۆژنامەکە بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، ئەگەر لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن یەکێك لەمانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

أ-هەر بابەتێك ببێتە هۆی شێواندنی باری ئاسایش وبەرپاکردنی ترس لە نێو خەڵکدا یان هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان یان جێبەجێ نەکردنی یاساکان.

ب - هەر بابەتێك ببێتە مایەی هاندانی تیرۆر و چاندنی ڕق و کینە و دووبەرەکی و لێك دوور کەوتنەوەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا.

دووەم: ڕۆژنامەگەر بەغەرامەیەك سزا دەدرێت لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی یەکێك لە مانەی خوارەوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا: -

أ: سووکایەتی کردن بە باوەڕی ئایینی یەکێك لە ئاینزاکان یان بە چاوێکی سووك تەماشا کردنی دروشمەکانیان یان سووکایەتی کردن بە سیمبولێکی کە بووەتە جێگە و مایەی پەرستن و بە گەورە زانین لەلای ئاینزایەکی دینی کە یاسا دانی پێداناوە یان زیان پێگەیاندنی.

ب - هەر بابەتێك پەیوەندیی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەر چەندە ڕاستیش بێ، ئەگەر بڵاوکردنەوەکەی بووە هۆی سووکایەتی پێ کردنی.

ج ـ هەربابەتێك دابونەریتی گشتی لەکەداربکات.
د ـ جنیودان و قسەی ناشیرین پێگوتن وناو زڕاندن.
ھ ـ هەربابەتێکی زیان بەرێکارەکانی دادگاو دادوەریی بگەیەنێ مەگەر دادگا رێگەی بلاوکردنەوەی بدات.

سێیەم: ئەو رۆژنامەیەی بلاوی دەکاتە سزادەدری بەغەرامەیەك لە (دە) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە بیست ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

چوارەم: لە کاتی دووبارەکردنەوەوە دادگا بۆی هەیە غەرامەکەی زیاد بکات بە مەرجێك لە دوو هەندەی پارەی ئەو غەرامەیە زیاتر نەبێ کە لە بڕگەکانی(یەکەم) و (دووەم) ی سەرەوەدا هاتوون تێپەڕنەکات.

پێنجەم: داواکاری گشتی و زیان پێ کەوتوو بۆیان هەیە داواکاریی بە پێی یاسا پێشکەش بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) ئەو رۆژنامەو چاپکراوانە ناگرێتەوە کە بە مەبەستی زانستیی تەواو لەلایەن دەزگا حکومی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی تۆژینەوەی زانستی دەهێنرێن.

**ماددەی دوازدەم:**

هەر بابەتێك لەسەرچاوەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیرا بن یاخود وەرگێڕدرا بن لە بەرپرسیاریەتی تاوانەکانی بلاوکردنەوە نابووردرێن.

**ماددەی سێزدەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت گەر ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بەمەرجێك رەچاوی کارکردنی یاسای ژمارە(4)ی ساڵی 1998 و هەموار کراوەکانی( یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) بکرێت.

**(حوکمە کۆتاییەکان)**

**ماددەی چواردەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)ەوە جێبەجی دەکرێ.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستان - عیراق**

**هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆکە گرنگیەکی زۆری هەیە لە کۆمەڵگای کوردستانیمان و دەوڵەتاندا و ئاسۆییەکی فراوانی لە ئازادی لەبەردەمدایە و ئەمەش وای کردووە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت تاکو کارە ڕۆژنامەگەرییەکەی بە جۆرێکی وا ڕێك بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەم و پەرەپێدانەکانی دا بگونجێت و وابکات هاووڵاتی ئاگاداری ڕاستیەتی بیروبۆچوون و ڕووداوەکانی بێ و بە جۆرێکی وا ڕایەکانی خۆی دەربڕێ کە ڕێزی هەمووان ڕابگرێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.